www.kurdistannet.org
3-1-2007 13:19 بەکاتی ناوەندی ئەورووپا

## گەورە لە هێزو قەبارە.. بچووک و لاواز لە دۆستایەتی. م. حەمید عەزیز

زۆر گەورەمان بینی بچووک و بێ هونەر.. زۆر بچووکیش گەورە بوون و داهینەر.. !. سەرمایەداری و بەرژەوەندی یەکان، دنیای تاڵ و تفتی دوور لە مرۆڤایەتی تەنیووە و جێگەی یەک کەسی شیرینی تێدا نابێتەوە خەریکە دنیای ئادەمیزاد لە ناسکیی و جوانی وخۆشەویستی ژیان لەدەریای زووڵم و ستەمدا دەخنکێ و کەس بۆ کەس ناژی و بەها پیرۆزە رۆحی یەکان بەرەو فەنا گووزەریان کرد و زۆردار و بێعار لە چاو برسێتیدا دەریایان هەموو هەڵلوشی هەتا ئێستاش تینوێتیان هەر نەشکا.

هونەر لە قەبارەزللی و گەورەیی هێزو تووانادا نی یە بەڵکو زمانی پاکو بێگەردی مرۆیی و لێک تێگەیشتن و رێزی بەرامبەرو نیشاندانی خۆشەویستی و نرخاندن بۆ لە خۆت بچووکتر دەبێتە جوانی و گەورەیی ئادەمیزاد لە وواتای بوون و ژیان و هونەرو جوانیدا. تێگەیشتنی گەورە هەرچی یەک بێت وواتای نرخاندن و رێزو خۆشەویستی یە بۆ بچووک یان بچووکتر لە خۆی.. گەر وانەبوو نە پیرۆزی بوونی هەیەو نە تۆی زەبەلاح گەورەیت و نە منی هەژاریش بچووکم. ئەوەی بە زمانی باڵندە بێ گووناهەکان بئاخڤێ گووڵە بەیبوون و دنیای رەنگە پەمەیی یەکانی بەختەوەری و بەهەشتی خوداوەندی جوانی پێشوازی گەرم لە خەندەکانی دەکات. (جیهانی زبروو نامرۆڤایەتی سەرمایەداری و بەرژەوەندی هێندە تاڵ بووە بەهیچ شێوەیەک جێگای یەک هەژاری شیرینی تێدا نابێتەوە) . مرۆڤە ناسک و هەست پرتەقاڵی یەکان بەرەو چ کەنارێک مل بنێن تا لە دیوواری ئازارو ئەندێشەیان دنیایەکی بەزەیی و پڕ سۆز دروست بکەن دوور لە بەرژەوەندی و درۆ. ؟. کێ هەموو رۆژێک بەرچینەیەک خۆشەویستی و گووڵ دەکات بە یەخەو رۆحی خەڵکی یەوە تا چاوانی توولە رێگا تاریکەکانی بەدهۆشی رووناکترو جوانتر بکاتەوە.. کێ لە ئێمە کە تێر بوو بیر لە منداڵە برسی یەکانی کەلاوە رووخاوەکانی بەر رەحمەتی دلۆپەو سەرما دەکاتەوە. ئاخر مرۆڤ بەبێ هەستی بەزەیی و درکی نەرموو نیانیی کەلەناخیا دەبێ ماڵی کردبێ و بەبێ سۆز مرۆڤ نی یە و دەبێتە درندەیەکی بێ هۆش و دنیای جوانی و بێ گووناهی سرووشت و بوونەوەران تێک دەدات. ئەبێ بیر کەینەوە کە زیاتر لەیەک ملیۆن منداڵی برسی لەجیهاندا هەیە پێویستە خۆمان چاومان دڵمان ببین بە نان و تێر بوون.. نەک زیاتر برسێتی بڵاو بکەینەوە ئەمەیە کاری مرۆڤایەتی و هۆش و بیری مرۆڤانە. ئەم کورتە پەخشانە نمونەیەک بوو بۆ ووڵاتی گەورەو زەبەلاح و بێ دڵی ئەمریکا کە بەهیچ شێوەیەک دۆستی نی یە لەهەموو دنیاداو ئەوەی کە هاوپەیمانێتی و هاورێ یەتی لەگەڵ دەکات بەرژەوەندی وای لێ دەکات کە هامڕای بێت لە جەنگەکان و ئاشتی یەکاندا دەنا وەک و باوەڕ نەخێر. ئەو ووڵاتە گەورەو بەهێزەی دنیا تەنها ووڵاتێکە لە جیهاندا کە هاورێ یەتی ودۆستایەتی نازانێ و تەنها بەرژەوەندی خۆی نەبێ و گوێ بەکەسیش نادات وگوێ لەکەسیش ناگرێ و رێزی کەسیش ناگرێ.. بەکوورت و کرمانج ئەوەیە ووڵاتی شەڕخوازو شەقاوە کە ووڵاتی ئەمریکایە تەنها بەرژەوەندی ئەزانێ و هیچی تر. ئەمریکا ووڵاتێکە تەنها دەوڵەندە لەباری ئابووری و بەهێزە لەباری سەربازیدا دەنا لەباری ڕامیاری و دۆستایەتی و هەندێ کاری مرۆڤایەتی یەوە زۆر هەژارو کەم زانە. بۆیە کاتێک فریای ئەفغانستان کەووت کە تاڵیبان هەناوی خەڵک و هەرچی جوانی ژیان هەبوو گڵاویان کردبوو چوبوونەوە سەردەمی بەربەری یەت و ناحاڵی بوون لە ژیان، کەچی ئەمریکا بەناوی ڕزگارکردنی خەڵکی ئەفغانستانەوە هێرشی کردە سەر ئەفغانستان و داگیری کرد. بۆیە هەتا ئێستاش لە ئەفغانستان بەتایبەت لەهەرێمی فاراب خەتەنەی کچان و عاباو دەم و چاو شاردنەوەو فرۆشتنی کچانی گەنج هەرماوەو رۆژ بە رۆژ پەرەش ئەستێنێ، کەواتە ئەمریکا بۆ یارمەتی ئەفغانەکان نەچووە بۆ ئەفغانستان.. ئەتووانین بڵێین

ئەمریکاو یارمەتی کوجا مەرحەبا. لەووڵاتی عێراقیش کاتێک ئەمریکا هات ساڵی 2003 بوو بەناوی ڕزگاری خەڵکەوە هێرشی بۆ عێراق هێنا بەڵام منداڵیش باوەڕی پێ نەدەکرد چونکە میللەتی عێراق و کوردستان بە فەرمانی سەدامی دیکتاتۆر لەماوەی 35 ساڵی نەهامەتی و برسێتی هەم چەند جەنگێکیان بەڕێ کردبوو هەم ئانفال و کیمیا بارانیش کرابوون. لێرەدا پرسیارێک دێتە ئاراوە ئەویش ئەوەیە.. ئەمریکا هەمیشە ئەوە دووپات دەکاتەوە کە لەگرتنی عێراق و ڕوخاندنی سەدام دا.. هاتوون گەلی عێراق و کوردستان ڕزگار بکەن. !. ئێمەش وەکو گەلی عێراق و کوردستان دەپرسین ساڵانی هەشتاکان لە بەرواری 1987 / 1988 کە کورد قڕ دەکرا، جینۆسایدو ئەنفال و کیمیا باران دەکرا ئەو هەموو گەنجەی کە لەسێدارە دەدرا هۆڕەکانی باشووری عێراق ووشک دەکرا.. هتد. ئێوە ئەی ئەمریکا لەکوێ بوون ئێمە ئەوکات زۆر پێویستمان بەیارمەتی ئێووە هەبوو.. بەڵام ئێووەو جەنابی دیکتاتۆر هەتا ساڵی 1990 هاوپەیمان بوون. بێجگە لەتۆی زەبەلاح ئەی ئەمریکا کە وورتەت لەدەم نەهاتە دەرێ یەک ووڵاتی عارەبی ئیسلامیش بە هانای عێراق و کوردەوە نەهات، لەگەڵ ئەوەشدا ئاگاتان لەهەموو تاوانەکان و گۆڕە بەکۆمەڵەکان بووە. چ ویژدانێکە ئەوە بەبەرچاوتەوە میللەتێک مەحف بکرێت و خاکەکەی بسووتێنرێت کەچی وەک پیاوێکی ترسنۆک فزەو لەل نەکەیت. باشترین فرسەت بۆ ئەمریکا و کردن بەهاوڕێی هەموو دنیا بۆ خۆی لەدووای 9/11 یانزەی سێپتەمبەر بوو چونکە هیچ کەسێکی مەدەنی و مرۆڤ دۆست حەز بە بن لادن و زواهری و گروپە ئیسلامی یە توندڕەوو تیرۆریستەکان ناکات، کەچی ئەمریکا هێند نەفام و لاوازە لە ڕامیاری و هاوڕێ یەتی گەلانی دنیا نەیتووانی دووژمنانی بن لادنیش بکاتە دۆستی خۆی. ووڵاتی ئەمریکا کە بەگەورەترین و بەهێزترین ووڵاتی جیهان دێتە هەژماردن چ لەباری ئابووری و چ لەباری سەربازیدا.. بەهێزترین و زەبەلاحترین هێزە لە جیهاندا کە بڕیار بەدەستی هەموو دنیایە و قەرار لەسەر ژیانی هەموو بوونەوەرەکانی دنیا دەدات تەنها بە بینینی بەرژەوەندی خۆی و گوێ نەدانی زەرەری بەرامبەر کاردەکات و هیچ حیسابێک بۆ خۆبەخت کردنەکان و زەرەری هاوپەیمانانی ناکات. بۆ نمونە میللەتی کورد بە سەرکردایەتی و پێشمەرگەو خەڵکەوە لەساڵی 2003 وە هاوپەیمان و یارمەتی دەری ئەمریکا بوون بێجگە لەوەش چەندین پێشمەرگەی شەهید بووە لە دووای پرۆسەی ڕزگاری عێراق خۆبەخت کردنی زۆر هەن کە پەیووەندیان بەئەمرکایشەوە هەیە و کورد وەک و هاوپەیمانی یەکی زۆر باش مامەڵەی لەگەڵ ئەمەریکا کردووە تەنانەت بووەتە جێی ڕەخنەی زۆربەی ووڵاتان و خەڵکی تر کە کورد یەکەم یارمەتی دەری باشی ئەمریکایە. بێجگە لەوەش کورد ناوچەیەکی ئارامی دروست کردووە لە هەرێمی کوردستان و گووڵ بارانی ئەمریکی یەکانیان کردووە کەکاتێکیش سەردانی هەرێمی کوردستانیان کردووە. کەچی ئەمریکا هەر زوو ئەو هاوپەیمانی یەتەی کوردی وەلانا و کەوتە ماستاوو گفتوگۆ کردن لەگەڵ دووژمنانی کورد. ئەمریکا خۆی بانگەوازی ئەوەی دەکردو دەیووت: کورد باشترین هاوڕێ و دۆستمانە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست.. ئێمە دووجار خیانەتمان لەگەلی کورد کردووە بەڵام ئەمجارە نەک خیانەت بەڵکو هاوپەیمان و دۆستێکی گرنگی دەبین. ئەی کوا دۆستایەتیت ئەمریکا. ؟. تۆ خۆت دەست دەخەیتە ناو دەستی دووژمنانی میللەتی کوردەوەو داوای گفتوگۆیان لەگەڵ دەکەیت ئەمەیە سیستمی سەرمایەداری کەپێک هاتووە لە بەرژەوەندی و خۆ فەرز کردن و خۆپەرستی. دەبێ ئێمە هەموو ئەو ڕاستی یە بزانین کە ئەمەیە جوانترین ئاوێنەکانی سەرمایەداری کە چەوسانەوەی چینایەتی و بێ ڕێزی یە بە مرۆڤ، بەوەشەوە ناوەستێت بەهێزو ماسوولکە گەورەیی دەسەڵاتەکان و میری یەکانی نەتەوەکانی تر ناشرین دەکات لەبەرچاوی خەڵکەکەی. بۆیە هەموو ڕۆشنبیران و نووسەرانی جیهان و ئاشتی خوازان و زۆربەی ووڵاتە پێشکەوتووەکانی ئەورووپاو جیهان ناحەزی ئەمریکان. لەبارەی میللەتی

کوردستان نێت
KURDISTAN NET
ڕۆژنامەیەکی ئەلکترۆنی ڕۆژانەی گشتی سەربەخۆی کوردیە
www.kurdistannet.org
3-1-2007 13:19 بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

کوردیشەوە پێویست ناکات هەرکات و ساتێ دەسەڵاتی کوردی پێویستی پێی بێت میللەتیش بێتە سەر جادەو ببێتە دەنگی ئەو دەسەڵاتە و ببێتە فشاریان.. ئەبێ دەسەڵاتیش بەبێ ئەوەی کە ئیشی بە میللەتەکەی هەبێت خەمخۆری بێت و هەمیشە کاری بۆ بکات وەهەروەها لەهەموو کۆڕو کۆبوونەوەکانیان ئاگاداربێت ئەو کات ئەو دەسەڵاتەش مافی ئەوەی هەیە بەناوی میللەتەکەی خۆیەوە گفتوگۆ بکات و پێیان بڵێ خۆپیشاندان بکەن یان نا. ئەوکات دەبێتە دەسەڵاتێکی شەرعی کە میللەتەکەی بەکار بهێنێ بۆ بەرژەوەندی خاک و وولات. بالەمەودوواش ئیتر میللەتی کورد بیر بکاتەوەو سووچەرو خزمەتکاری کەس نەبێت ئەگەر میللەتێک گێل و بێ هۆش بێت ناگاتە ئامانجە ڕەواکانی خۆی. بالەمەولا فێری ئەوە بین کە تەنها تەماشا نەکەین بەڵکو گوێ بگرین و بەشداریش بکەین.. بالەمەولا بێ دەنگ نەبین بۆ کارە خراپەکان با بۆ دەسەڵاتی خۆمانیش بکەوینە نووسین و سەرجادەو ڕەخنەگرتن لێیان چونکە ئێمە دووای پانزە ساڵ بەناو ئازادی بەشێکی باشوور کەچی بەرەو دوواوە ئەڕۆین و لەباتی قەزاو ناحیەکانمان گەورە بکەین و بیانکەین بەشار کەچی ئەو شارەی کە پەنجا ساڵ لەمەوبەر جوانترین شاری کوردستان بووە کە شاری هەڵمەت و قوربانی و بەرخۆدانەکان بووە ئەویش شاری سلێمانی یە کە چەند ساڵە پارێزگایە کەچی ئەمڕۆ بۆتە قەزاو بگرە لادێ و خەڵکە قارەمانەکەی لە تاریکستاندا دەژین. باپشت بەخۆمان ببەستین و لە کەمالیستەکان و ئاخوندەکانیش نەترسین.. با سومبول و پیرۆزی یەکان دەستکاری نەکەین وەک و سروودی ئەی ڕەقیب و ئاڵای کوردستان با هەموو بەیەکەوە لەبیری خۆمانی بەرینەوە فیدراڵی و خودموختاری باهەموو بەیەک زمان کە زمانی شیرینی کوردی یە بڵێین بەڵێ بۆ سەربەخۆیی.. تەنها سەربەخۆیی دەبێتە گەیشتن بە ئومێدو هیواکانی شەهیدان. ئەوەتا ئەمریکا بەو زەبەلاحی و هێزەی خۆیەوە داوای گفتوگۆ لە چەند تیرۆریستێک دەکات. خۆ ئێمە میللەتێکی گەورەو گرانین زمان و مێژووی تایبەتی خۆمان هەیە و خۆبەخت کردنەکانیشمان بۆ ماوەی پتر لەسەدەیەکە خوێن و بەرگری بووە. ئاخ بۆ سەرکردەیەکی جوامێر.. ئازایەتی و مێژوویەکی جوان بۆ خۆی تۆمار بکات میللەتەکەی بەرەو ڕزگاری یەکجارەکی و کوردستانیش بەرەو سەربەخۆیی ببات. با بۆ یەکجاریش بێت خۆمان بەبچووک و کەم نەزانین و سەرکەوتنیش لە یەکبووندایە.

م. حەمید عەزیز
Hamid773@hotmail. com